# لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٤-١٩٩٨) (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)[1]

اسماعیل حمەخان عبدالله*    د. عزالدین عبد الصمد رسول**

وشە کلیلییەکان: شەڕی ناوخۆ، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی شەڕ، ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10129

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (١٩٩٤-١٩٩٨) کە لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP) و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان(PUK)، پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ڕوویدا و بە قۆناغێکی تاریک لە مێژووی هاوچەرخی کورد دادەنرێت و زیانی گەورە و درێژخایەنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری و سیاسیی لێکەوتەوە. هەرچەندە هەنگاوی ئاشتەوایی نراوە، بەڵام شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک لێکترازانی پەیوەندییەکان، لاوازیی متمانە، گۆڕانکاری لە خێزان لە دیدگای نەوەکاندا، وەک کێشەیەکی ئاڵۆز و گرێکوێرە ماونەتەوە. سارێژکردنی تەواوەتی ئەم برینانە پێویستی بە پلانی تۆکمە و هەوڵێکی هەمەلایەنەی بەردەوام هەیە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆ پاش ڕاپەڕینە لە هەرێمی کوردستان. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچە-کراوە لەگەڵ ٢٠ نموونەی مەبەستدار(کە جیاوازی چینایەتی، ڕەگەزی و جوگرافی) لەبەرچاو گیراوە. ئەنجامەکان توێژینەوەکە دەریانخستووەکە شەڕی ناوخۆ بۆتە هۆی لێکترازان و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازبوونی متمانە. هاوکات گۆڕانکاریی لە سیستەمی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵە جێندەرییەکاندا دروستکردووە و بووەتە هۆی ئاوارە بوون و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی دیمۆگرافیای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان. لە لایەکیترەوە، ژێرخانی پەروەردەیی و تەندروستیی لاواز کردووە، ڕێژەی هەژاری و بێکاریی بەرزکردۆتەوە و سەرمایە مرۆییەکانیشی بەهەدەر داوە.

---

[1] ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە ماستەرنامەی خوندکاری خوێندکار (اسماعیل حمەخان عبدالله) بە ناونیشانی (لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی شەڕی ناوخۆ پاش ڕاپەڕین - توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەهەرێمی کوردستان) بڵاونەکراوە.

* خوێندکاری ماستەر لە بەشی کۆمە ڵناسی- کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
ismailasmr86@gmail.com

** پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی- کولێجی کۆلێجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
izaddin.rasool@su.edu.krd

**ملخص**

**التداعيات الاجتماعية للحرب الأهلية في إقليم كردستان (١٩٩٤-١٩٩٨) دراسة ميدانية**

تتناول هذه الدراسة الميدانية التداعيات الاجتماعية للحرب الأهلية في إقليم كردستان (١٩٩٤-١٩٩٨) التي اندلعت بين الحزب الديمقراطي الكردستاني (KDP) والاتحاد الوطني الكردستاني (PUK) بعد انتفاضة عام ١٩٩١. وتُعتبر هذه الفترة مرحلة مظلمة في تاريخ الكرد المعاصر، حيث خلّفت أضراراً جسيمة وطويلة الأمد على الأصعدة الاجتماعية والثقافية والاقتصادية والسياسية. وعلى الرغم من اتخاذ خطوات للمصالحة، إلا أن آثارها الاجتماعية مثل تفكك العلاقات، وضعف الثقة، والتغيرات في بنية الأسرة ورؤية الأجيال لها، ظلت قائمة كمشكلة معقدة وشائكة. ويتطلب الالتئام الكامل لهذه الجراح خطة محكمة وجهوداً شاملة ومستمرة. يهدف هذا البحث إلى تسليط الضوء على التداعيات الاجتماعية للحرب الأهلية التي أعقبت الانتفاضة في إقليم كردستان. اعتمد البحث المنهج النوعي، من خلال إجراء مقابلات شبه منظمة مع عينة قصدية مكونة من (٢٠) مشاركًا ومشاركة، تم اختيارهم مع مراعاة التباينات الطبقية، والنوع الاجتماعي (الجندر)، والمناطق الجغرافية. أظهرت نتائج الدراسة أن الحرب الأهلية أدت إلى تفكك وتمزق العلاقات الاجتماعية وضعف الثقة. كما أحدثت تغييرات في منظومة القيم الاجتماعية والأدوار المتعلقة بالنوع الاجتماعي (الجندر)، وأسفرت عن نزوح وتغييرات في التركيبة السكانية للمناطق المختلفة في إقليم كردستان. من جانب آخر، أضعفت الحرب البنية التحتية التعليمية والصحية، وزادت من معدلات الفقر والبطالة، وأدت إلى هدر رأس المال البشري.

**Abstract**

**The Social Consequences of Civil War in Iraqi Kurdistan Region (1994-1998)**

**(a field study)**

This is a field study of social consequences of Kurdistan Regional Civil war (1994-1998) between the Kurdistan Democratic Party (KDP) and the Patriotic Union of Kurdistan (PUK) which occurred after 1991 uprising. This period is considered a dark chapter in contemporary Kurdish history, resulted in severe long-lasting social, cultural, economic and political damages. Although, reconciliation steps have been taken, the social impacts such as relationship breakdown, weakened trust, changes in the family generational perspectives remain a complex issue. Complete healing of these wounds requires a solid plan and continuous comprehensive efforts. The aim of this research is to reveal the social consequences of the post-uprising civil war in Kurdistan Region. In this study, qualitative method was used through semi-structured interviews with 20 purposely selected participants (considering class, gender, and geographical differences). The results reveal that civil war caused fragmentation of social relationships and weakened trust. It has also changed the system of social values and gender roles leading to displacement and demographic changes across different areas of Kurdistan Region. On the other hand, it weakened the educational and health infrastructure, increased poverty and unemployment rates, and wasted human capital resources.

## ١. پێشەکی

شەڕی ناوخۆ دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و کاریگەرە. جیاواز لە شەڕی نێودەوڵەتی، لەنێو یەک نەتەوە یان ناوچەدا ڕوودەدات و بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان تێکدەدات. زۆرجار لایەنە ناکۆکەکان خاوەنی مێژوو و زمانی هاوبەشن، بەڵام کێشەی سیاسی، ئابووری یان ئایدیۆلۆجی دەیانکاتە دوژمنی یەکتر. شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە قۆناغێکی هەستیاری پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ ودروستبوونی بۆشایی دەسەڵاتدا سەریهەڵدا.

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم شەڕە، فرەلایەنی و ئاڵۆزییەکەی بوو. لە لایەکەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی دوو هێزی کوردی بوو کە هەریەکەیان خاوەنی پێگەی سەربازی و سیاسیی خۆیان بوون. لە لایەکی دیکەوە، دەستێوەردانی هێزە هەرێمییەکان ئاڵۆزییەکی زیاتری بە ململانێکە بەخشی. هەریەک لەم ئەکتەرانە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان ڕۆڵیان دەگێڕا و پشتیوانیی یەکێک لە لایەنەکانیان دەکرد، بەمەش گۆڕەپانی باشووری کوردستان بوو بە مەیدانی کێبڕکێی هێزە دەرەکییەکان [١].

شەڕەکە جوگرافیایەکی بەرفراوانی لە باشووری کوردستان گرتەوە؛ شارە گەورەکانی وەک هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و ناوچە سنوورییەکان بوونە گۆڕەپانی پێکدادانی سەخت. کۆنترۆڵی ناوچەکان بە بەردەوامی لە نێوان هەردوو لادا دەستاودەستی دەکرد و بووە هۆی دابەشبوونی کردەیی ئیدارەی هەرێم. هەرچەندە چەندین جار هەوڵی دانوستان و ڕێککەوتن درا، بەڵام بەهۆی نەبوونی متمانە، کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکان و فاکتەری ئایدۆلۆژی و نیودەوڵەتی و لاوازیی میکانیزمەکانی چارەسەریی، هیچ ڕێککەوتنێک نەیتوانی کۆتایی بە شەڕ بهێنێت. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، شەڕەکە بووە هۆی بەهێزبوونی شوناسی ناوچەیی و خێڵەکی لەسەر حیسابی شوناسی نیشتمانیی یەکگرتوو. ئەمەش پارچەبوونێکی ناوخۆیی بوو لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لە ژێر ستەم ڕزگاری بووبوو[٢].

سەرەڕای کۆتاییهاتنی فەرمیی شەڕەکە لە کۆتاییی نەوەدەکاندا و پێکهێنانی جۆرێک لە هاوبەشی لە دەسەڵاتدا، ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەم ململانێیە بۆ ماوەیەکی درێژ مانەوە [3]. ئەم قۆناغە وەک لاپەڕەیەکی ڕەش لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا لە قەڵەم دەدرێت. کە تێیدا دەرفەتێکی مێژوویی گرنگ بۆ بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز لە دەست چوو و وزە و توانای گەلەکەی بەفیرۆ درا[٤]. توێژینەوە لەم شەڕە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هۆکار و ئاکامەکانی، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە ناوچەکانی تریشدا.

---

[1] Romano, D. (2010) ‘Iraqi Kurdistan: Challenges of Autonomy in the Wake of US Withdrawal. International affairs, 86(6):1345-1359.

[2] Gunter, M. M. (2017) The Kurds: A modern history. Markus Wiener Publishers.

[3] O'Leary, B.; McGarry, J., & Salih, K. (Eds.). (2006) The future of Kurdistan in Iraq. University of Pennsylvania Press.

[4] Jabar, F. A., & Mansour, R. (Eds.) (2019) The Kurds in a Changing Middle East: History, Politics and Representation. Bloomsbury Publishing.

## ٢. ڕەهەندە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە

**٢-١. گرفتی توێژینەوەکە:**

توێژەر بەدوای وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت، کە بریتیین لە:

١) لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆ پاش ڕاپەڕین، لە هەرێمی کوردستان چی بوون؟

٢) تا چ ڕادەیەک شەڕی ناوخۆ کاریگەریی لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان هەبووە؟

٣) چ گۆڕانکارییەک بەهۆی شەڕی ناوخۆوە بەسەر دیمۆگرافیای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە؟

**٢-٢. گرنگیی توێژینەوەکە:**

زۆربەی توێژینەوەکانی پێشووتر لەسەر شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، زیاتر سەرنجیان لەسەر لایەنە سیاسی و سەربازییەکان بووە، بەڵام ڕەهەندە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان، وەک کاریگەری لەسەر دامەزراوە بنەڕەتییەکان، شێواندنی کۆیادەوەری، گۆڕینی ڕۆڵی ژنان و گەنجان، و بەتایبەتی لاوازبوونی متمانەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، کەمتر توێژینەوەیان لەسەر کراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە شیکردنەوەیەکی قووڵتر و هەمەلایەنەتر، تیشک بخاتە سەر ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتییە فرەڕەهەندانەی کە شەڕی ناوخۆی١٩٩٤-١٩٩٨لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، شوناس، ئابووری و پەیوەندییە سیاسی کۆمەڵایەتییەکان جێیهێشتوون. گرنگیی سەرەکیی ئەم کارە لەوەدایە کە تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییانە ،بەتایبەت لاوازبوونی متمانە، تەنها بۆ زیادکردنی زانیاریی ئەکادیمی نییە، بەڵکو پێشمەرجێکی بنچینەییە بۆ داڕشتنی سیاسەتی گشتیی کاریگەر و دیاریکردنی وردی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە لە قۆناغی پاش ململانێدا. ئەنجامەکانی دەتوانن وەک بنەمایەک بۆ بڕیاربەدەستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەکاربێن، تاکو ستراتیژی کارا بۆ بەهێزکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بنیاتنانەوەی متمانە دابڕێژن، هاوکات یارمەتیدەر بێت لە ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ململانێی هاوشێوە.

**٢-٣. ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەیە:

١) زانینی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر خێزان، پەروەردە و تەندروستی.

٢) دەرخستنی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان.

٣) زانینی دەرئەنجامە ئابووری و دیمۆگرافییەکانی شەڕی ناوخۆ پاش ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان.

## ٣- چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١.شەڕی ناوخۆ

شەڕی ناوخۆ ئاماژە بە پێکدادانی چەکداری و ڕێکخراو لەناو وڵاتێکدا دەکات کە بەهۆی ناکۆکییە قووڵە کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەکانەوە ڕوودەدات و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و گۆڕانکاری سیاسی[١]. هەروەها، لەلایەکی ترەوە (نیکۆلاس ساماناس) پێناسەی شەڕی ناوخۆ دەکات وەک «ململانێیەکی چەکداری لە نێوان گروپە سیاسییەکان لە ناو سنوورێکی دیاریکراودا کە تێیدا لانیکەم یەکێک لە لایەنەکان حکومەتی ناوەندییە و دەبێت سەرجەم قوربانییەکان لە ١٠٠٠ کەس تێپەڕ بکات»[٢].

دواجار، (فیارۆن و لەیتن) شەڕی ناوخۆیی وەک پێکدادانێکی درێژخایەن لە نێوان دەوڵەتان و گروپە چەکدارەکانی ناو وڵاتێکدا پێناسە دەکەن کە دەبێتە هۆی زیانی گیانی و داهێزرانی کۆمەڵایەتی [٣].

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە چەمکی (شەڕی ناوخۆ) بریتییە لە، پێکدادانی چەکداری نێوان دوو هێزی سەرەکیی کوردی لەباشووری کوردستان (KDP-PUK) کە بەهۆی ململانێی دەسەڵات، کێشەی سەرچاوە ئابوورییەکان و ناکۆکیی ئایدیۆلۆژییەوە دروست بوو.

### ٣-٢. ڕاپەڕین

(گیدنز) ڕاپەڕین وەک کردارێکی بەکۆمەڵ و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات کە تاکەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و هاوبەش هەڵدەستن بە بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی سیستەمی سیاسی [٤]. کەچی (هانتینگتون) ڕاپەڕین بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری پێناسە دەکات کە ئامانجی ڕووخاندن یان لاوازکردنی ڕژێمێکی سیاسی دیاریکراو یان گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتە [٥]. ڕاپەڕین کاردانەوەیەکی سروشتی کۆمەڵگایە بەرامبەر بە سەرکوت و گەندەڵی سیستماتیک. ئەم کاردانەوەیە جۆرێکە لە مافی سروشتی خەڵک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمێک کە مافە سەرەتا ییەکانی ئەوانی پێشێل کردووە[٦].

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە چەمکی (ڕاپەڕین)، بریتییە لە جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بە کۆمەڵی دانیشتوانی باشووری کوردستان کە سروشتێکی بەرهەڵستکارانەی هەبووە و

---

[1] Tilly, C. (2022). The Politics of Collective Violence. Cambridge University Press.

[2] Sambanis, N. (2004). What Is Civil War? Conceptual and Empirical Complexities of an Operational Definition. Journal of Conflict Resolution, 48(6): 814.

[3] Fearon, J. D., & Laitin, D. D. (2003). Ethnicity, insurgency, and civil war. American political science review, 97(1), 90.

[٤] گیدنز، آنتونی، جامعەشناسی، ترجمه، حسن چاوشیان، تهران، نشر نی،٢٠٠٩،ص،٣٦٧.

[٥] هانتینگتون، ساموئل، موجهای دموکراسی، ترجمه، محمد مصدق، تهران، نشر فرهنگ معاصر،٢٠١٦،ص،٢١٠.

[٦] لاک، جان، دو رساله حکومت، ترجمه، حمید زرگری، تهران، انتشارات آگاه،٢٠١٧،ص،١٢٠.

ئامانجی ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعسی داگیرکەرە بووە، لەڕێگەی چالاکی جەماوەری و ناڕەزایەتی بەرفراوانی جۆراوجۆر بەرجەستە کراوە.

## ٤. چوارچێوەی مەیدانیی توێژینەوەکە

### ٤-١. میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە (Qualitative)، تێیدا ڕێبازی گێڕانەوە ( Narrative approach) بەکار هاتووە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتن. توێژینەوەی چۆنایەتی (Qualitative Research) تیشک دەخاتە سەر تێگەیشتن و لێکدانەوەی قووڵی ئەزموون و مانا و دیدگای مرۆڤەکان[1]. هەروەها، مەبەست لە ڕێبازی گێڕانەوەیی (Narrative Approach) بریتییە لە شێوازێکی چۆنایەتی کە جەخت لەسەر شیکردنەوەی ئەو چیرۆک و گێڕانەوانە دەکات کە تاکەکان سەبارەت بە ئەزموونەکانی خۆیان دەیگێڕنەوە [٢]. ئەم جۆرە توێژینەوەیە پشت بە شێوازەکانی وەک چاوپێکەوتنی قووڵ، گروپی فۆکەس، شیکاریی ناوەڕۆک و ئێتنۆگرافی دەبەستێت. توێژەرانی چۆنایەتی جەخت لەسەر پەیوەندیدارێتیی داتا و ڕۆڵی توێژەر دەکەنەوە وەک ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی زانیاری [3].

لەم توێژینەوەیەدا، چاوپێکەوتنەکان بە دوو ڕێگەی سەرەکی ئەنجام دران: ڕاستەوخۆ (ڕووبەڕوو) و تەلەفۆنی. بە لەبەرچاوگرتنی پەرشوبڵاوی جوگرافیی بەشداربووان لە ناوچە جیاوازەکاندا، ئەم شێوازە دووانییە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبار بوو. چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو دەرفەتی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە بەشداربووان لە ڕێگەی خوێندنەوەی زمانی جەستە و دەربڕینی هەستەکانیان، هەروەها توێژەر دەتوانێت پەیوەندییەکی متمانەبەخش لەگەڵ بەشداربووەکان دروست بکات [4]. لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکەدا، چاوپێکەوتنەکان لە ماوەی سێ مانگدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/٢ تا ٢٠٢٥/٤/١٠ ئەنجامدران. ماوەی هەر چاوپێکەوتنێک ٦٠-٩٠ خولەک بوو. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە ڕێگەی بە بەشداربووان دەدا بە ئازادی و بێ سنووردارکردن گوزارشت لە ئەزموون و بیرەوەرییەکانیان بکەن[٥].

---

[1] Rogo, E. (2024) 'Exploring Qualitative Research', Journal of Dental Hygiene, 98(4:56-61.

[2] Riessman, C. K. (2008). Narrative methods for the human sciences. Sage.

[3]Denny, E., & Weckesser, A( 2022) How to do qualitative research?. Bjog, 129. Available at: https://doi.org/10.1111/1471-0528. 17150 [Accessed: 1 Dec. 2024]

[4] Berg, B. L. (2004). Methods for the social sciences. Qualitative Research Methods for the Social Sciences. Boston: Pearson Education, 191.

[5] Brown, A. (2021) The mark of the researcher's hand: the imperfections of craft in the process of

**٤-٢. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە گشتی لەخۆدەگرێت، بە تیشک خستنە سەر ئەو ناوچانەی کە ڕاستەوخۆ گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆ بوون، وەک پارێزگاکانی (سلێمانی، هەڵەبجە، هەولێر، و دهۆک). بەتایبەتی، ئەم کۆمەڵگەیە پێکهاتووە لە: دانیشتووانی ناوچە کاریگەرەکان بە شەڕ)، ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، ئەندامانی (پێشووی) گروپە چەکدارەکان و بەشداربووانی شەڕی ناوخۆ، هەروەها سەرکردە سیاسییەکان و کەسایەتییە کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە.

**٤-٣. نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە جۆری مەبەستداریی ڕێکخراوە (structured purposive sampling)، کە ئامانج لێی هەڵبژاردنی حاڵەتەکان (Cases) و بەشداربووان (Participants)ە بە شێوازێکی ستراتیجی. ئەم هەڵبژاردنە ستراتیجییەش بەو مانایە دێت کە ئەو حاڵەت و کەسانە بە ئەنقەست و بەپلان دیاری دەکرێن کە دەتوانن زۆرترین زانیاریی قووڵ و پەیوەندیدار بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ببەخشن. ئەم جۆرە لە نمونە وەرگرتن گونجاوە بۆ ئەو بارودۆخانەی کە توێژەر بەدوای تێگەیشتنێکی قووڵتردا دەگەڕێت لە دیاردە، پرۆسەکان، یان بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان[1]. بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە یان حاڵەتەکان، توێژەر پێویستی بە هەڵبژاردنی ٢٠ یەکە بوو، پێکهاتبوو لە (١٥) پیاو و (٥) ژن؛ ئەم نایەکسانییە لە ژمارەی ڕەگەزەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتر بەشداری ڕاستەوخۆی شەڕی ناوخۆیان کردووە لە هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی جێندەرییە لە کۆمەڵگادا. گرنگترین مەرج بۆ هەڵبژاردنی نموونەکان، بوونی ئەزموونی ڕاستەوخۆی بەشداربووانە سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ.

**٤-٤. ئێتیکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لەسەر ئەزموونە تاڵەکانی مرۆڤ، پێویستی بە پابەندبوونێکی ورد بە ئەخلاقی توێژینەوە هەیە، کە وەک هاوسۆزی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەشداربووان سەیر دەکرێت. پاراستنی شکۆ و سەلامەتیی ئەوان لە پێش ئامانجە زانستییەکانەوەیە، کە پێوەرێکی بنەڕەتییە بۆ باوەڕپێکراویی توێژینەوە[2]. لەم ڕوانگەیەوە، پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە هەموو قۆناغەکاندا جێبەجێ

becoming a qualitative researcher. Management Learning, 52(5): 541-558.

[1] Creswell, J. W., & Poth, C. N. (2016) Qualitative inquiry and research design: Choosing among five approaches. Sage publications.

[2] Guillemin, M., & Gillam, L. (2004) Ethics, reflexivity, and "ethically important moments" in

کراون: پێش چاوپێکەوتن ڕەزامەندیی ئاگایانە و خۆبەخشانە وەرگیراوە، بە ڕوونکردنەوەی ئامانجەکان، نهێنیپارێزی، و مافی کشانەوە. بۆ پاراستنی ناسنامەی لێتوێژراوان، سیستمی کۆد (١-٢٠) بەکارهێنراوە و زانیاریی کەسی سڕدراوەتەوە. جگە لەوەش،بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ڕاستەوخۆی توێژەر (توێژەری ناوخۆیی)، تەکنیکی خۆپێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە (Reflexivity) بەکارهێنراوە بۆ کەمکردنەوەی لایەنگری و مسۆگەرکردنی بابەتیبوون.

**٤-٥. شیکردنەوەی داتاکان:**

بۆشیکردنەوەی داتای چاوپێکەوتنەکان، مۆدێلی شیکاریی چۆنایەتی مایلز، هابەرمەن و ساڵدانیا بەکار هێنرا، کە بریتی بوو لە کۆدکردنی داتای خاو، پۆلێنکردنی وتە گرنگەکان و دەرهێنانی تێما سەرەکییەکان (وەک 'لێکترازانی کۆمەڵایەتی')[١]. بەمەبەستی بەرزکردنەوەی دروستی و متمانەپێکراوی، ستراتیژی سێگۆشەیی (Triangulation) پەیڕەو کرا لەڕێگەی فرەیی لە سەرچاوەی داتا (بەشداربووی جیاواز)، تیۆری (چوارچێوەی تیۆریی هەمەجۆر) و میتۆدی کۆکردنەوەی داتا (ڕاستەوخۆ و تەلەفۆنی) [٢]. هەروەها، تەکنیکەکانی تری وەک بەراوردکاریی بەردەوام، شیکردنەوەی حاڵەتە دژەکان و گەڕانەوە بۆ بەشداربووان بۆ پشتڕاستکردنەوەی زیاتری ئەنجامەکان[٣]. کە دواجار لەڕێگەی خشتە و مۆدێلەوە (بڕوانە: خشتەی ١ و شێوەی ١) خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١) پەیوەندیی نێوان تێماکان، کۆدەکان و نموونەی بەڵگە لە وتەی بەشداربووواندا پیشان دەدات:

تێبینی ١: لێتوێژراو وەک نموونە دانراوە.

| ژمارەی لێتوێژراو | نموونەی بەڵگە لە وتەی بەشداربووان | کۆدە پەیوەندیدارەکان | تێما |
|---|---|---|---|
| **لێتوێژراوی ١٩** | "خەڵک چیتر ناتوانن وەک جاران متمانە بە یەکتر بکەن" | لاوازبوونی متمانە | لێکترازانی کۆمەڵایەتی |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپێی داتاکانی چاوپێکەوتن،٢٠٢٥

research. Qualitative inquiry, 10(2): 261-280.


(1) Miles, M.B., Huberman, A.M. and Saldaña, J., (2014) Qualitative Data Analysis: A Methods Sourcebook. 3rd ed. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.

(2) Patton, M. Q. (2014) Qualitative research & evaluation methods: Integrating theory and practice. Sage publications.

(3) Denzin, N. K. (2012) Triangulation 2.0 . *Journal of Mixed Methods Research*,Vol. 6(2). Available at: https://doi.org/10.1 177/1558689812437186 [Accessed: 1 Dec. 2024]

ئەم مۆدێلە لە شێوەی ژمارە (١) دا نمایش کراوە:

شێوەی (١): مۆدێلی سێگۆشەیی بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپێی میتۆدی مایلز و هابرمەن وسالدانا، ٢٠٢٥

## ٥. شیکردنەوەی هۆکارە بنەڕەتییەکانی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان (١٩٩٤-١٩٩٨)

**Analyzing the Main Causes of the Kurdistan Region Civil War (1994-1998)**

شەڕی ناوخۆ دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێت و لێکەوتەی قووڵی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە جێدەهێڵێت. لەم سۆنگەیەوە، ئەم بەشەی توێژینەوەکە، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانستی، هەوڵ دەدات فاکتەرە بنەڕەتییەکانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو، بەتایبەتی لە قۆناغی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨، کە وەک قۆناغێکی پڕ لە لێکەوتەی نەرێنی و بەرچاو بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی لە باشووری کوردستان هەژمار دەکرێت.

### ٥-١. سیاسەتی هەڵاواردن (Exception Policy)

بەپێی بۆچوونی جۆن بریتۆن (John Bretton)، شەڕی ناوخۆ زۆرجار لە هەڵاواردنەوە سەرچاوە دەگرێت کە دژی گروپێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، جا ئەم گروپە کۆمەڵایەتی، نەژادی، ئایینی،

یان گروپێکی بەرژەوەندی بێت لە کۆمەڵگادا [1]. کاتێک سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار سیاسەتی هەڵاواردن پەیڕەو دەکات، ئەمە دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر هەرێم و گروپە جیاوازەکاندا. لە ئەنجامدا، ئەم دۆخە دەتوانێت زەمینە بۆ نارەزایی، یاخیبوون، سەرپێچی یان تەنانەت شۆڕش دژی سیستەمەکە خۆش بکات. جگە لەوەش، لە هەندێک حاڵەتدا، ئەم بارودۆخە دەکرێت پەرە بسێنێت بۆ داواکردنی خۆبەڕێوەبەری یان تەنانەت جیابوونەوە، بەتایبەتی لەسەر بنەمای بانگەشەی نەژادی، ئیتنی وکولتووری[٢].هەروەها، هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، نایەکسانی، ستەم و کەمیی سەرچاوە، بناغەی سەرەکین بۆ دروستبوونی ئەو ژینگە پڕ لە ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی ناوخۆ. ئەم فاکتەرانە کاتێک لەگەڵ جیاوازییە ئایینی، نەژادی و کولتورییەکان یەک دەگرن، مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ زیاتر دەکەن[٣]. کەواتە، ئەم تێگەیشتنە یارمەتیدەرە بۆ دارشتنی ستراتیژیی کاریگەر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هێنانەدیی ئاشتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگا فرەچەشنەکاندا.

لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ململانێی سیاسی بریتی بوو لە سیاسەتی هەڵاواردن لە دابەشکردنی داهات و دەسەڵات. ئەم سیاسەتی هەڵاواردنە لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دروستبوونی ئیدارەی هەرێم، بەشێوەیەکی سیستماتیک بەردەوام بوو[٤]. بۆ نموونە، ماکدواڵ لە کتێبی 'مێژووی هاوچەرخی کورد' (A Modern History of the Kurds) ئاماژە بەوە دەکات کە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی داهاتەکانی گومرگ و دەروازە سنوورییەکان یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤ی هەرێمی کوردستان[5]. لەلایەکی دیکەوە، ململانێی نێوان هەردوو حیزبەکە بەرهەمی کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان بوو، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان و شوێنە ستراتیژییەکان [٦].

سیاسەتی هەڵاواردن و دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان لەسەر بنەمای حزبی، کاریگەریی

---

(1) نعيمة الحواطي، دور المتغير الإثني-القبلي في تغذية الصراع الداخلي الليبي منذ احتجاجات ١٧ فبراير ٢٠١١، أطروحة دكتوراه غير منشورة، بدون مكان النشر، جامعة الجزائر ٣، ٢٠١٩.

(2) Bormann, N.-C., Cederman, L.-E., & Vogt, M. (2015). Language, Religion, and Ethnic Civil War. Journal of Conflict Resolution, 61(4), 744-771. https://doi.org/10.1177/0022002715600755 (Original work published 2017)

(3) Basedau, M.; Pfeiffer, B., & Vüllers, J. (2016) Bad religion? Religion, collective action, and the onset of armed conflict in developing countries. *Journal of conflict Resolution*, 60(2): 226-255.

(4) Stansfield, G. (2013) 'The unravelling of the post-First World War state system? The Kurdistan Region of Iraq and the transformation of the Middle East', International Affairs, 89. Available at: https://doi.org/10.1111/1468-2346.120 17 [Accessed: 2 Feb. 2025]

(5)McDowall, D. (2021) A modern history of the Kurds. London: Bloomsbury Publishing.

(٦) عبود، وسن سعيد و العلوي، نبيل(٢٠١٨) الصراع المسلح بين الحزبين الديمقراطي الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني(١٩٩٤-١٩٩٨)والموقف الدولي منه. مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد ٢٤: ٢٢٥- ٢٦٦

نەرێنی لەسەر دروستبوونی متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا هەبوو[1].سەرباری ئەوەش، سیستەمی پاوانخوازیی سیاسی و ئابووری لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە،لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا، یەکێک بوو لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆ[٢]. هەروەها، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان و دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەسەر بنەمای حزبی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دروست کرد [3]. دواجار، ئەم دۆخە بووە هۆی دروستبوونی دوو ئیدارەی جیاواز لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤-٢٠٠٦، کە بە قووڵترین لێکەوتەی سیاسەتی هەڵاواردن لەسەر یەکڕیزیی کورد لە باشووری کوردستان دادەنرێت [4].

### ٢-٥. ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکی و دراوسێیەتی
### (The Role of External and Neighboring Factors)

بێگومان، دەستێوەردانی دەرەکی فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەرە لە هەڵگیرسان و درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆدا. زۆرجار، هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەت دەوڵەتانی دراوسێ کە پەیوەندی و بەرژەوەندیی تایبەتیان لە ناوچەکەدا هەیە، دەرفەت لە ململانێ ناوخۆییەکان وەردەگرن بۆ دەستێوەردان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. ئەم دەوڵەتانە دەتوانن لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی لایەنە ناکۆکەکانەوە، هاوسەنگیی هێز بگۆڕن و ناکۆکییەکان قووڵتر بکەنەوە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیتنیی هاوبەش هەن.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، دەستێوەردانی دەرەکی و ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو. بەگوێرەی گۆنتەر، لە کتێبی "فەرهەنگی مێژوویی کورد" ( Historical Dictionary of the Kurds) دا، دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران و تورکیا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان؛ کاتێک ئێران پشتگیریی (PUK) دەکرد، تورکیاش پشتگیریی (KDP)ی دەکرد و هەردوولا هەوڵیان دەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەناو کوردستاندا بپارێزن. ئەم پشتیوانییە سەربازی و لۆجیستییە، شەڕەکەی بەرەو قۆناغێکی نوێی ململانێی ناوچەیی برد و گۆڕەپانی کوردستانی کردە شەڕی بەوەکالەت (Proxy War). هەروەها، ڕژێمی بەعسی عێراقیش بەمەبەستی لاوازکردنی هەردوو لایەنی کوردی، سیاسەتێکی دووفاقانەی پەیڕەو دەکرد و سوودی لە ناکۆکییەکان وەردەگرت[٥].

---

[1] Bishku, M.B. (2002) 'The Kurdish predicament in Iraq: a political analysis', *Journal of Third World Studies*, 19(2): 52-54.

[2] Natali, D. (2010) The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq. Syracuse: Syracuse University Press.

[3] Hiltermann, J.R. (2008) To protect or to project?. Middle East Report, (247).

[4] Wahlbeck, Ö. (2012) The Kurdish refugee diaspora in Finland. Diaspora Studies, 5:44-57.

[5] Gunter, M.M. (1999) The Kurdish predicament in Iraq: A political analysis. London: Macmillan.

ڕووداوەکانی قەڵادزێ و ڕانیە (١٩٩٤) وەک نموونەیەکی بەرچاوی کاریگەریی دەرەکی دادەنرێن. بارزانی دەڵێت: "جێبەجێکردنی پلانێکی هاوبەش لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و حکومەتی سوریا، ڕۆڵی هەبووە لە هەڵگیرساندنی شەڕ"(١). ئەمەش بەرجەستەکەری ئەو حەقیقەتەیە کە چۆن کێشەیەکی ناوخۆیی لەژێر کاریگەریی دەرەکیدا پەرەی سەند.

جگە لە کاریگەری لەسەر خودی شەڕەکە، ئەم فاکتەرە دەرەکی و دراوسێیەتییە، وەک سلاح ڕەشید ئاماژەی پێدەکات، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر دانوستانەکانی نێوان پارتی و یەکێتیش هەبوو(٢). لەم بارەیەوە،بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر هۆکاری سەرنەکەوتنی دانوستانەکان. سەرۆکی شاندی یەکێتی لە دانوستانەکانی پاریس، (نەوشیروان مستەفا) پێی وایە کە نێوەندگیریی ئێران لە بەهاری ١٩٩٥ سەرکەوتوو نەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەکان (٣). لەبەرامبەردا، (محەمەدی حاجی مەحمود) هۆکاری سەرەکیی شکستی دانوستانەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری ناوخۆیی، ئەویش ئەوە بوو کە "کاتی دانوستانەکان بەگشتی گونجاو نەبوو، چونکە هەردوولا هیوایان بە سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە هەبوو" (٤).کەواتە، تێگەیشتن لە ڕۆڵ و لێکەوتەی ئاڵۆزی هێزە دەرەکی و دراوسێیەکان لە ململانێ ناوخۆییەکانی وەک شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ داڕشتنی ستراتیژیی کاریگەر بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری.

## ٦. لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان -عێراق

**Social Consequences Civil War in the KRI**

لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆ. بەتایبەتی، دابەشبوونی خێزانەکان و ناکۆکیی خێزانی، دابەشبوونی هۆز و عەشیرەتەکان، دابڕانی خێزانی و دوورکەوتنەوە لە یەکتر، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری و پەیوەندییە بنچینەییەکان. جگە لەوەش، گۆڕانی ڕۆڵی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگادا، کارکردنی منداڵان، و بەرپرسیارێتیی خێزانی دەخەینە ڕوو. وتەو بۆچوونەکانی بەشداربووان وەک سەرچاوەی سەرەکی (Primary Sources)* بەکارهێنراون بۆ تێگەیشتن لە لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر کۆمەڵگا.

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢٢.

(٢) سەلاح ڕەشید، مام جلال - دیداری تەمەن - لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧، ل. ٢٤٣.

(٣) نەوشیروان مستەفا، خەون یان مۆتەکە: دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٩٢-٢٠٠٢)، ٢٠٠٩، ل. ١٣٥. [ئۆنلاین] لەبەردەستە لە: https://archive.org/details/abo_abdrahman_kordi_barid_20160425_0955 [بەرواری دەستگەیشتن: ٢١ نیسانی ٢٠٢٥].

(٤) محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی چوارەم، سلێمانی، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠٩.

* مەبەست لە سەرچاوەی سەرەکی (Primary Sources) ئەو کەرەستە و بەڵگە و زانیارییە ڕەسەن و دەست یەکەمانەیە کە ڕاستەوخۆ لە کاتی ڕووداوێکەوە یان لەلایەن ئەو کەسانەوە بەرهەم هاتوون کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە

هەروەها بۆ ڕاڤەکردنی ئەم داتایانە، چوارچێوە تیۆرییە کۆمەڵناسییە جیهانییەکان بەکارهاتوون کە لە توێژینەوە ئەکادیمییە باوەڕپێکراوەکاندا پشتیان پێبەستراوە.

### ٦-١. دابەشبوونی خێزانەکان و ناکۆکی خێزانی:

چاوپێکەوتنەکان بەڵگەی ئەوەن کە شەڕی ناوخۆ لێکەوتەی ڕاستەوخۆ و بەرچاوی لەسەر یەکگرتوویی و پەیوەندی نێو خێزانەکان داناوە. بۆ نموونە، لێتوێژراوی (٤)، ئاماژە بە دابەشبوونی ناو خێزانەکان دەکات بەهۆی جیاوازی لایەنگرییەوە و دەڵێت: " **هەندێک لە برا و ئامۆزاکانم هێشتا قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن...**". هەروەها، لێتوێژراوی (٤)، جەخت لەسەر هەمان خاڵ دەکاتەوە و باس لە گۆڕانی بنەڕەتی لە هاوپشتی و پەیوەندییە خێزانییەکان دەکات: " **بەڵام شەڕ وایکرد ئەم هاوپشتییە لەناو بچێت...** ". جگە لەوەش، لێتوێژراوی (٨)، دووپاتی دەکاتەوە کە لێکدابڕان و هەڵوەشانەوەی خێزانی لە ئەنجامی دابەشبوونی سیاسییەوە ڕوویانداوە: " **لێکدابڕان زیاتر بوو**" و تەنانەت گەیشتە ئاستێک "**هەندێک خێزان لێک هەڵوەشان**". لەلایەکی ترەوە، لێتوێژراوی (٧)، ڕەهەندێکی جوگرافی بۆ کێشەکە زیاد دەکات و باسی ئەوە دەکات بەهۆی ئەو کەلێنانەی کە دروست بوون هەندێک خێزان "**ئامادە نین لە نزیک یەکەوە بژیین**". هاوکات ، لێتوێژراوی (١٧)، تیشک دەخاتە سەر لایەنی سۆزداری و ڕەفتاری و دەڵێت: " **شەڕی ناوخۆ ١٤ڕق و دووبەرەکی خستە ناو خێزانەکانەوە و کەس ڕێز لە بیروبۆچوونی ئەویتر ناگرێت**". گرنگتر لەوە ، لێتوێژراوی (١٨)، کێشە خێزانییەکان دەبەستێتەوە بە لێکەوتەی فراوانترەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم دۆخە بووەتە هۆی "**کەمبوونەوەی هاوکاری و بەدەمەوەچوون لە کۆمەڵگادا** "و کێشەکان هێشتا بەردەوامن.لە بنەڕەتدا، لێتوێژراوی (١٣)، هۆکاری سەرەکی ئەم بەردەوامییە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت "**سیقە ومتمانە... لاواز بووە** "و جگەلەوەش "**... هەندێک لە خەڵک هێشتا ڕابردوویان لەبیر نەچووەتەوە**". وتەکانی لێتوێژراوان وێنەیەکی ڕوون و نیگەرانکەر لە قووڵبوونەوەی کەلێنی کۆمەڵایەتی لەناو یەکەی بنەڕەتیی کۆمەڵگا، واتە خێزان، دەخەنە ڕوو. ئەم دیاردەیە، کە وەک یەکێک لە مەترسیدارترین و درێژخایەنترین لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان دادەنرێت، دەتوانرێت لە ڕوانگەی چەند تیۆرێکی کۆمەڵناسییەوە شی بکرێتەوە:

#### ٦-١-١. تیۆری ناکۆکیی پێکهاتەیی (Structural Conflict Theory): (یوهان گالتونگ)

لێتوێژراوی (٤)، کاتێک ئاماژە بە «ناکۆکی قووڵی خێزانی» دەکات کە تێیدا برا و ئامۆزاکان «چیتر قسە لەگەڵ یەکتر ناکەن»، ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکەیە کە لە تیۆری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا (بەتایبەت لە ڕوانگەی کۆزەرەوە) پێی دەوترێت ناکۆکیی پێکهاتەیی. بەگوێرەی ئەم دیدە، کاتێک سیستەمی گەورەتری کۆمەڵایەتی (وەک سیستەمی سیاسی یان نیشتمانی) تووشی هەڵوەشاندنەوە و ناکۆکیی بنەڕەتی دێت، ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێکهاتە بچووکترەکانی ناو ئەو سیستەمە،

---

بوون یان تێیدا بەشدار بوون.

وەک خێزان و تۆڕی خزمایەتی، دادەنێت وپەیوەندییە سەرەتاییەکانیش دەبنە قوربانیی ئەم دۆخە[١].

**٦-١-٢.تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی (Social Exchange Theory): (جورج هومانز)**

وتەی لێتوێژراوی (٥) دەتوانرێت لە ڕوانگەی تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییەوە لێکبدرێتەوە، کە لەلایەن زانایانی وەک هۆمانس و بلاو پەرەی پێدراوە. ئەم تیۆرە پێی وایە پەیوەندییە مرۆییەکان لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی سوود و پاداشتی دوولایەنە (مادی یان مەعنەوی) دامەزراون. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە، متمانەیە. کاتێک شەڕی ناوخۆ متمانەی نێوان ئەندامانی خێزان (بەتایبەت ئەوانەی بیروڕای سیاسیی جیاوازیان هەیە) لەناودەبات، ئامادەیی تاکەکان بۆ بەردەوامیدان بە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و پاراستنی پەیوەندییەکان کەمدەبێتەوە[٢].

**٦-١-٣. تیۆری بنیادگەرایی کۆمەڵایەتی (Social Constructionism): (Peter L. Berger - Thomas Luckmann)**

لێتوێژراوی (٨) کە باس لەوە دەکات «لێکدابڕان زیاتر بوو» و تەنانەت گەیشتە ئاستی «هەندێک خێزان لێک هەڵوەشان»، دەکرێت لە ڕوانگەی بنیادگەرایی کۆمەڵایەتییەوە ڕوون بکرێتەوە. ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە واقیع و حەقیقەتی کۆمەڵایەتی (وەک گرنگیی خێزان، سروشتی پەیوەندییەکان) شتێکی چەسپاو نییە، بەڵکو بەردەوام لە ڕێگەی کارلێک و لێکدانەوەکانی تاکەکانەوە بنیاد دەنرێتەوە و مانای پێدەبەخشرێت [٣]. لەم ڕوانگەیەوە، شەڕی ناوخۆ وای کردووە کە هەندێک تاک پێناسە و گرنگیی پەیوەندییە خێزانییەکان بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژنەوە، کە تێیدا لایەنگریی سیاسی لە پەیوەندیی خوێن بەهێزتر دەبێت، و ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەندێک خێزان.

**٦-١-٤. تیۆری جوگرافیای کۆمەڵایەتی (Social Geography Theory): (Anne Buttimer)**

گوتەی لێتوێژراوی (٧)، کە خۆی بەشداربووی شەڕ بووە و دەڵێت «ئامادە نین لە نزیک یەکەوە بژیین» (مەبەستی ئەندامانی خێزانە لێکدابڕاوەکانە)، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو دیاردەیەی کە جوگرافیای کۆمەڵایەتی لێی دەکۆڵێتەوە: کارلێکی نێوان فەزای فیزیکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. وەک (فلینت و تایلۆر) باسی دەکەن، دابەشبوون و ناکۆکیی کۆمەڵایەتی زۆرجار خۆی لە شێوەی دابەشبوونی جوگرافیشدا دەردەخات [٤]. لێرەدا، ویستی دوورکەوتنەوەی فیزیکی لە یەکتر، نیشانەی قووڵیی ئەو دابڕانە کۆمەڵایەتی و دەروونییەیە کە بەهۆی ململانێی سیاسییەوە لەناو خێزانەکاندا دروست بووە.

---

(1) Coser, L. A. (1956) The Functions of Social Conflict. Free Press.

(٢) محسن راشدی، «نظریه مبادله اجتماعی (جورج هومنز)»، کنفرانس بین‌المللی پژوهش‌های مدیریت و علوم انسانی در ایران، ٢٠٢٣. [آنلاین] دسترس‌پذیر در: https://sid.ir/paper/1145694/fa [بازدید: ١٢ آوریل ٢٠٢٥].

(3) Burr, V. (2015) Social Constructionism (3rd ed.). Routledge. Available at: https://doi.org/10.4324/9781315715421 [Accessed: 12 Dec. 2024]

(4) Flint, C., & Taylor, P. J. (2018) Political geography: world-economy, nation-state and locality. Routledge.

**٦-١-٥. تیۆری نەریتشکێنی کۆمەڵایەتی (Social Disruption Theory): (Charles Tilly- Robert K. Merton)**

لێتوێژراوی (١٧)، دانیشتووی دهۆک، کاتێک باس لەوە دەکات کە «شەڕی ناوخۆ ڕق و دووبەرەکی خستە ناو خێزانەکانەوە و کەس ڕێز لە بیروبۆچوونی ئەویتر ناگرێت»، دیاردەیەک دەخاتە ڕوو کە تیۆری نەریتشکێنی کۆمەڵایەتی شیدەکاتەوە. ئەم تیۆرە پێی وایە کە قەیران و ململانێ توندە کۆمەڵایەتییەکان (وەک شەڕ) دەبنە هۆی تێکدانی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان (وەک ڕێزگرتن لە گەورەتر یان جیاوازیی بیروڕا لەناو خێزاندا). کاریگەرییەکان سەرەتا لە ئاستی ڕەفتاری تاکەکەسی دەردەکەون (بێڕێزی، ڕق)، و دواتر دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکاریی قووڵتر لە پێکهاتە و کارکردی یەکە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت خێزانیش[1].

**٦-١-٦. تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital Theory): (Pierre Bourdieu - James S. Coleman)**

ئاماژەکەی لێتوێژراوی (١٨)، دانیشتووی هەولێر، بە «کەمبوونەوەی هاوکاری و بەدەمەوەچوون» لەناو خێزان و بنەماڵەکاندا، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چەمکی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. بەپێی ئەم تیۆرە (بەتایبەت لای پەتنام)، تۆڕی پەیوەندییەکان، متمانە، و نۆرمەکانی هاوکاریی دوولایەنە، پێکەوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن کە بۆ گەشە و یەکگرتوویی کۆمەڵگا گرنگە. شەڕی ناوخۆ، بە لاوازکردنی متمانە و پەیوەندییەکان تەنانەت لە ئاستی خێزانیشدا، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەم سەرمایە بەهادارە و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگا دەبێت[2].

**٦-١-٧. تیۆری کۆیادەوەری (Collective Memory Theory): (Maurice Halbwachs)**

دواجار، وتەی لێتوێژراوی (١٣)، دانیشتووی شارەزوور، کە دەڵێت «سیقە و متمانە لەنێوان خێزانەکاندا لاواز بووە» و هۆکارەکەشی بەشێکی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی «هەندێک لە خەڵک هێشتا ڕابردوویان لەبیر نەچووەتەوە»، گرنگیی چەمکی کۆیادەوەری دەخاتە ڕوو. بەپێی تیۆرییەکانی هالبواکس، یادەوەریی هاوبەشی گرووپەکان لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو (بەتایبەت ڕووداوە تراژیک و ناکۆکییەکان) ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕەنگرێژکردنی شوناس یان تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستادا. لەبیرنەکردنی ئازار و ناخۆشییەکانی شەڕی ناوخۆ و کاریگەریی

[1] Opendak, M.; Offit, L.; Monari, P.; Schoenfeld, T.; Sonti, A.; Cameron, H., & Gould, E. (2016) Lasting Adaptations in Social Behavior Produced by Social Disruption and Inhibition of Adult Neurogenesis. *The Journal of Neuroscience*, 36(26): 7027-7038. Available at: https://doi.org/10.1523/JNEUROSCI.4435-15.2016 [Accessed: 11 Feb. 2025].

[2] فاطمه آقاجری، «تحلیل جامعه‌شناختی سرمایه اجتماعی از منظر رابرت پاتنام»، فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست‌گذاری عمومی، ٣(١٠)، ٢٠١٤؛

Putnam, R. D. (2000) Bowling alone: The collapse and revival of American community. Simon & Schuster.

بەردەوامی لەسەر متمانەی نێوان ئەندامانی خێزانەکان، نموونەیەکی زیندووە لە هێزی کۆیادەوەری لەم بوارەدا[1].

دواجار، شیکردنەوەی وتەی لێتوێژراوان لە ڕێگەی ئەم تیۆرانەوە دەریدەخات کە شەڕی ناوخۆ چۆن توانیویەتی کار لە بنەماکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بکات و بگاتە ناو خێزانەکان، ببێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە خوێنی و خزمایەتییەکان، کەمبوونەوەی متمانە و هاوکاری، و دروستبوونی کەلێنێکی قووڵ کە تا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماونەتەوە.

**٦-٢. دابەشبوونی هۆز و عەشیرەتەکان:**

شەڕی ناوخۆ نەک تەنها متمانەی نێوان تاک و خێزان، بەڵکو متمانەی نێوان هۆز و عەشیرەتەکانیشی لاواز کردووە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە، لێتوێژراوی (٩)، ئاماژە بە فراوانبوونی بێمتمانەیی و دوورکەوتنەوەی هۆزەکان دەکات: **"کەس متمانەی بە کەسی تر نەما"** و هەندێک هۆز کە پێشتر نزیک بوون، ئێستا **"ناتوانن لە یەک بۆنەی کۆمەڵایەتییدا پێکەوە ئامادە بن"**. هاوشێوەی ئەمە، لێتوێژراوی (١٧)، جەخت لەسەر زیادبوونی بێمتمانەیی دەکاتەوە، تەنانەت لەنێوان ئەو هۆزانەی **"پێشتر سوێندیان بەسەری یەکتر دەخوارد"**، بەڵام ئێستا **"لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە"**. لەلایەکی دیکەوە، لێتوێژراوی (١٥)، تیشک دەخاتە سەر گۆڕانی بنەڕەتی لە پەیوەندییە هۆزەکییەکاندا و بەم شێوەیە باسی دەکات: **"لە ڕابردوودا، پەیوەندی نێوان هۆزەکان زۆر بەهێز بوو... بەڵام شەڕ هەموو شتێکی گۆڕی... ئەو هۆزانەی کە پێشتر یەکگرتوو بوون، ئێستا لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە و هەندێکیان هێشتا ناتوانن یەکتری ببەخشن"**.

هەروەها، لێتوێژراوی (٨)، وەک کەسایەتییەکی سیاسی و شایەتحاڵ، باس لە لاوازبوونی **"ڕۆحیەتی پێکەوەژیان"**ی گشتی دەکات کە پێشتر بەبێ گوێدانە جیاوازی سیاسی هەبوو، بەڵام شەڕی ناوخۆ **"ئەم ڕۆحیەتە جوانەی لاواز کرد."**جگە لەمانەش، لێتوێژراوی (٢٠)، کە ئەویش بەشداربووی شەڕ بووە، جەخت لە گۆڕانی ڕیشەیی دەکاتەوە و دەڵێت: میکانیزمەکانی پێشووی چارەسەرکردنی کێشەکان نەماون و **"ئێستا ناکۆکییە هۆزەکییەکان ڕەگیان داکوتاوە"**.

دواجار، لێتوێژراوی (٥)، ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن ناکۆکییە سیاسییەکان بوونە هۆی لاوازبوونی ئەو پەیوەندییە **"بەهێز و برایانەیەی"** پێشوو، وایان کرد هۆزەکان **"چیتر وەک جاران لە یەکتر نزیک نەبن"**. دابەشبوونی هۆز و عەشیرەتەکان لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا یەکێکە لە قووڵترین و زیانبارترین لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ململانێیە. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لە وتەکانی بەشداربووانی توێژینەوەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەکرێت لە چوارچێوەی چەند تیۆرێکی کۆمەڵناسیدا شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

---

[1] سعید صادقی جقه، سیاست حافظه، خاطره جمعی و امنیت ملی، فصلنامه مطالعات راهبردی، ٢٥(٣)، ٢٠٢٣، صص ٧-٥١؛ حیدرجانعلی‌زاده چوب‌بستی ، اکبر علیوردی‌نیا و محمدمهدی فرزبد ، «جامعه‌شناسی حافظه جمعی: حوزه مطالعاتی پارادایمیک یا ناپارادایمیک؟»، فصلنامه راهبرد فرهنگ، ٩(٣٦)، ٢٠١٧.

**٦-٢-١. تیۆری ململانێ (Conflict Theory): (Max Weber - Karl Marx)**

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە، دابەشبوون و ململانێ و ناکۆکی نێوان هۆزەکان دەکرێت وەک دەرەنجامی ململانێی بنەڕەتی لەسەر سەرچاوە دەگمەنەکان (وەک دەسەڵاتی سیاسی، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان بەرژەوەندیی ئابووری) و کێبڕکێی هێز لێکبدرێتەوە. وەک (کۆزەر) جەختی لێدەکاتەوە، ناکۆکیی کراوە لە نێوان گروپەکاندا نەک تەنها دەبێتە هۆی پتەوکردنی سنوورەکان و شوناسی ناوخۆیی هەر گروپێک، بەڵکو هاوکات پەیوەندی و هاوپشتیی نێوانیشیان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەکات [1]. ئەمە بە ڕوونی لە وتەی لێتوێژراواندا دەردەکەوێت؛ بۆ نموونە، لێتوێژراوی (٩) دەڵێت: «کەس متمانەی بە کەسی تر نەما»، و ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک هۆز کە پێشتر نزیک بوون، ئێستا «ناتوانن لە یەک بۆنەی کۆمەڵایەتییدا پێکەوە ئامادە بن». هەروەها، لێتوێژراوی (٥) پشتڕاستی دەکاتەوە کە ناکۆکییە سیاسییەکان بوونەتە هۆی لاوازبوونی ئەو پەیوەندییە «بەهێز و برایانەیەی» پێشوو، و وایان کردووە هۆزەکان «چیتر وەک جاران لە یەکتر نزیک نەبن».

**٦-٢-٢. تیۆری دەستەبژێری (Elite Theory): (Vilfredo Pareto، Gaetano Mosca، Robert Michels)**

ئەم تیۆرە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی ئەوەی کە چۆن ناکۆکی لە نێوان گروپە دەستەبژێرەکاندا (وەک سەرۆک هۆزەکان یان بەرپرسە حیزبییە باڵاکان) کاریگەریی قووڵ و ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکان لە ئاستی جەماوەری و ئەندامانی ئاسایی هۆزەکان داناوە. وەک (میلز) ئاماژەی پێدەدات، دەستەبژێرانی خاوەن هێز توانای ئەوەیان هەیە کە بەرژەوەندی و ململانێکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن و خەڵکی ئاسایی بخەنە ناو بەرەکانی ناکۆکییەکەوە کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەیانەوە نەبێت [2]. ئەم ڕاستییە لە گوتەی لێتوێژراوی (١٧)دا ڕەنگدەداتەوە کاتێک دەڵێت: ئەو هۆزانەی «پێشتر سوێندیان بەسەری یەکتر دەخوارد»، ئێستا «لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە». بە هەمان شێوە، لێتوێژراوی (٨) باس لە لاوازبوونی «ڕۆحیەتی پێکەوەژیان»ی گشتی دەکات کە پێشتر زاڵ بووە، بەڵام شەڕی ناوخۆ «ئەم ڕۆحیەتە جوانەی لاوازکرد». ئەمەش دەریدەخات کە چۆن ململانێی سیاسیی نێوان دەستەبژێران توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتییە تەقلیدییەکان و لێکیانترازێنێت.

**٦-٣. گۆڕانی ڕۆڵی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگادا:**

یەکێک لە لێکەوتە دیار و قووڵەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر ژنان، گۆڕانی بنەڕەتی ڕۆڵیان بووە لە خێزان و کۆمەڵگادا، هاوکات لەگەڵ ئەزموونکردنی ئاستێکی بەرز لە ئازار و نەهامەتی. بۆ نموونە، لێتوێژراوی (١)، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ژنان بە ناچاری بوونە بەرپرسیاری سەرەکی خێزان بەهۆی

---

[1] Ibid

[2] Mills, C.W., (2018) *The power elite.* In: D.B. Grusky and J. Hill, eds. *Inequality in the 21st century.* London: Routledge, pp. 80-88.

ونبوون یان لەدەستدانی پیاوانەوە: "**زۆربەیان بەرپرسیارێتی خێزانەکانیان گرتە ئەستۆ. ناچار بوون سەرپەرشتی خێزان بکەن و بژێوی بۆ دابین بکەن".** ئەم بارودۆخە وایکرد زۆربەی ژنان ناچار بن لە یەک کاتدا دوو ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن: هەم دایکایەتی و هەم دابینکردنی بژێوی (کە پێشتر زیاتر ئەرکی باوک بوو). هاوشانی ئەمە، لێتوێژراوی (٢٠)، جەخت لەسەر ئەو فشارە زۆرە دەکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە کەوتووەتە سەر ژنان: وایکرد **"ناچار بن هەم ڕۆڵی باوک و هەم دایک بگێڕن".** هۆکاری ئەم گرتنەئەستۆیە و ڕووکردنە کار، وەک لێتوێژراوی (٣)، ئاماژەی پێدەکات، نەبوونی پیاوان بوو؛ بۆیە ژنان ڕوویان لە کارگەلێک کرد کە پێشتر کەمتر ئەنجامیان دەدا یان لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆڵی نەریتییان بوو: **"کشتوکاڵ، کرێکاری".** جگە لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتییە نوێیەکان، ژنان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەخت و بێ پاڵپشتی بوونەوە. لێتوێژراوی (١٦)، دانیشتووی ڕانیە، باس لە زیادبوونی دیاردەی بێوەژن کەوتن و نەبوونی یارمەتی دەکات: **"ناچار بوون بە تەنیا منداڵەکانیان گەورە بکەن** "و جەخت لەوە دەکاتەوە کە **"هیچ پاڵپشتییەک بۆ ئەم ژنانە بوونی نەبوو"**. بە هەمان شێوە، لێتوێژراوی (١٩)، دانیشتووی سلێمانی، پشتڕاستی دەکاتەوە کە ژنان ناچار بوون لە دۆخی دژواردا بژین و کارانێک بکەن کە گونجاو نەبوون بەهۆی نەبوونی پشتیوانی داراییەوە: **"ناچار بوون بۆ مانەوە لە دۆخی سەختدا بژین** "و بەهۆی نەبوونی **"پاڵپشتی دارایی"، "ناچار بوون کارانێک ئەنجام بدەن کە کاری ئەوان نەبوو".** هەروەها، لێتوێژراوی (١٣)،دانیشتووی شارەزوور، ئەم خاڵە پشتڕاست دەکاتەوە کە ژنان وەک **"قوربانی سەرەکی** "بەبێ هیچ پشتگیرییەک **"ناچار بوون ڕووبکەنە کاری قورس و نالەبار".**

بەڵام، وەک لێتوێژراوی (١٨)، بە شێوەیەکی گشتگیرتر دەیخاتە ڕوو، لێکەوتەکان زۆر لەوە قووڵتر بوون؛ شەڕ**"گورزی کوشندەی لە ژنان دا"** و جگە لە بێوەژنی و نەبوونی پشتیوانی، ژنان ڕووبەڕووی **"دەستدرێژی و کوشتن، ئاوارەبوون و دەربەدەری"** بوونەوە. هەروەها، **"زۆرێک لە ژنان ناچارکران شوو بکەن بە پیاوی بەتەمەن یان ژنی دووەم بن، هەروەها کچان لە خوێندن دابڕێنران"**، کە بە گشتی **"ئاسۆی ژیانی ژنانی تاریکتر کرد"**. وتەکانی لێتوێژراوان وێنەیەکی ڕوون و فرەڕەهەند لە گۆڕانی ڕۆڵی ژنان و ئەو نەهامەتیانەی لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆدا تووشی بوون، دەخەنە ڕوو. ئەم گۆڕانکاری و لێکەوتە بەرچاوانە دەتوانرێت لە چوارچێوەی چەند تیۆرێکی کۆمەڵناسی و جێندەرییەوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

### ٦-٣-١. تیۆری ڕۆڵە جێندەرییەکان (Gender Roles Theory): (George Murdock، Ralph Linton، Evelyn Hooker، Judith Butler)

بەپێی ئەم تیۆرە، ناکۆکی و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، وەک شەڕی ناوخۆ، دەتوانن ببنە هۆی تێکشکاندن یان گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕۆڵە نەریتییە جێندەرییەکاندا کە کۆمەڵگا بۆ ژنان و پیاوانی دیاری کردووە [1]. وتەکانی لێتوێژراوان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم دیدە پشتڕاست دەکەنەوە؛ ئەوان

[1]Moser, C. O., & Clark, F. C. (Eds.). (2001) Victims, perpetrators or actors?: Gender, armed conflict and political violence. Palgrave Macmillan.

نیشانی دەدەن کە چۆن لەدەستدانی پیاوان (بەهۆی کوژران، ونبوون، یان بەشداریکردن لە شەڕدا) و تێکچوونی باری ئابووری، ژنانی ناچار کردووە ڕۆڵی سەرۆک خێزان و دابینکەری سەرەکیی بژێوی بگرنە ئەستۆ – ڕۆڵگەلێک کە پێشتر لە کۆمەڵگای نەریتییدا زیاتر بە پیاوان سپێردرابوون. بۆ نموونە:

لێتوێژراوی (١٦) دەڵێت: ژنان «ناچار بوون بە تەنیا منداڵەکانیان گەورە بکەن» و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هیچ پاڵپشتییەک بۆ ئەم ژنانە بوونی نەبوو».لێتوێژراوی (١٣) ئاماژە بەوە دەکات کە «ژنان بوونە قوربانی سەرەکی... ناچار بوون ڕووبکەنە کاری قورس و نالەبار».لێتوێژراوی (١) دەڵێت: «زۆربەیان بەرپرسیارێتی خێزانەکانیان گرتە ئەستۆ. ناچار بوون سەرپەرشتی خێزان بکەن و بژێوی بۆ دابین بکەن».

لێتوێژراوی (٢٠) ئاماژە بە گێڕانی هاوکاتی ڕۆڵی «باوک و دایک» لەلایەن ژنانەوە دەکات.هەموو ئەمانە نموونەی زیندووی ئەو گۆڕانکارییە قووڵەن کە لە ڕۆڵە نەریتییەکاندا بەهۆی بارودۆخی شەڕەوە ڕوویانداوە.

**٦-٣-٢. تیۆری ئانۆمی (Anomie Theory): (Émile Durkheim)**

لە ڕوانگەی ئیمیل دۆرکهایمەوە، ئانۆمی بریتییە لە تێکچوون یان لاوازبوونی پێوەر و نۆرمە کۆمەڵایەتییە ڕێکخەرەکان، کە زۆرجار لە کاتی گۆڕانکاریی خێرا و قەیرانی گەورەدا (وەک شەڕ) ڕوودەدات.[1] لەم دۆخەدا، تاکەکان ڕەنگە هەست بە بێسەروبەری و لەدەستدانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و ناچار بن ڕێگەی جیاواز (هەندێکجار نەریتی یان لادەرانە لە نۆرمە پێشووەکان) بۆ گونجاندنی خۆیان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا بدۆزنەوە. لەم چوارچێوەیەدا، وتەی لێتوێژراوی (١٨) وێنەیەکی تراژیدی لەم دۆخە دەخاتە ڕوو: «ژنان قوربانییانی جەنگ بوون... زۆرێک لە ژنان ناچارکران شوو بکەن بە پیاوی بەتەمەن یان ژنی دووەم بن، هەروەها کچان لە خوێندن دابڕێنران و ژیانیان تێکچوو». ئەم نموونانە نیشانی دەدەن کە چۆن تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەهۆی شەڕەوە، وای کردووە کە هەندێک لە تاکەکان و خێزانەکان پەنا بۆ هەندێک ڕەفتار بەرن کە لە بارودۆخی ئاساییدا قبووڵکراو نەبوون یان زیانبەخش بوون، وەک بەشودانی پێشوەختە یان فرەژنیی ناچاری، کە وەک میکانیزمێکی مانەوە لەناو ئەو دۆخە ئانۆمییەدا سەیر دەکرێت، بەڵام لێکەوتەی نەرێنی درێژخایەنی لەسەر ژیانی ژنان و کچان هەبووە.

بە کورتی، شیکاریی وتەی لێتوێژراوان لە ڕوانگەی ئەم تیۆرانەوە دەریدەخات کە ژنان لە کاتی شەڕی ناوخۆ و دوای ئەویش، ڕووبەڕووی دۆخێکی ئێجگار سەخت بوونەتەوە. ئەوان نەک هەر قوربانیی سەرەکیی توندوتیژی و لێکەوتە نەرێنییەکانی شەڕ بوون، بەڵکو بە ناچاری بوونەتە ئەکتەری چالاک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا و ڕۆڵی نوێ و گرانیان گرتۆتە ئەستۆ، وەک سەرپەرشتیاری خێزان، دابینکەری بژێوی و پاراستنی منداڵان. سەرەڕای ئەو بارگرانی و کێشە زۆرانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە (وەک کەمیی پشتیوانی، کاری قورس، مەترسییەکانی بەشودانی زۆرەملێ و

---

[1] Durkheim, E. (2016) *The Division of Labor in Society*. London: Routledge.

دابڕان لە خوێندن)، ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆڵەکاندا بووەتە ئەزموونێک کە تێیدا ژنان لە هەندێک ڕووەوە توانیویانە تواناکانی خۆیان دەربخەن و خۆڕاگری بنوێنن، هەرچەندە ئەمە زۆرجار بە نرخی قوربانیدانی گەورە و لە ژێر باری قورسی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بووە.

**٦-٤. کارکردنی منداڵان و بەرپرسیارێتی خێزانی:**

یەکێکیتر لە لێکەوتە سەرنجڕاکێشەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر منداڵان، ناچارکردنیان بووە بۆ کارکردن و قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی خێزانی. لێتوێژراوی (٢٠)، دەڵێت: **"منداڵان ناچار بوون لە تەمەنێکی کەمدا دەست بۆ کارە سەختەکان بەرن. تەنانەت هەندێکیان بۆ یارمەتیدانی خێزانەکانیان دەستیان دایە کاری نایاسایی".** هەروەها، لێتوێژراوی (١٥)، ئاماژە بەوە دەکات: **"منداڵانیش لەبری خوێندن و یاریکردن، بوونە حەمباڵ و شاگرد، تەنانەت هەندێکیان لە شەقامەکاندا دەستیان دایە سواڵکردن".** هاوکات، لێتوێژراوی (١٤)، باس لە منداڵانی هەتیو دەکات: **"زۆرێک لە ئەوان دایک و باوکی خۆیانیان لەدەستدا و چیتر هیچ سەرپەنایەکیان نەبوو. هەندێکیان ناچار بوون لە تەمەنێکی کەمەوە بە تەنیا کار بکەن".**

منداڵان یەکێک لە ناسکترین و بێدەسەڵاتترین گروپە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زۆرجار قورستر لە گرووپەکانی تر، باجی قەیران و ململانێ چەکدارییەکان دەدەن. شەڕی ناوخۆ لە باشووری کوردستان لێکەوتەی کارەساتباری لەسەر ژیانی منداڵان هەبووە، مافی سەرەتایی وەک خوێندن، یاریکردن و گەشەسەندنی ئاسایی لێ زەوت کردوون و ناچاری کردوون بەرپرسیارێتییەک هەڵبگرن کە لە سەرووی تەمەن و توانایانەوە بووە. ئەم دۆخە تراژیدییە دەکرێت لە ڕوانگەی چەند تیۆرێکی کۆمەڵناسییەوە شرۆڤە بکرێت:

**٦-٤-١. تیۆری توندوتیژیی پێکهاتەیی (Structural Violence Theory): (Johan Galtung)**

بەپێی ئەم تیۆرە، کە لەلایەن یۆهان گالتونگەوە پەرەی پێدراوە، توندوتیژی تەنها بریتی نییە لە زیانی فیزیکیی ڕاستەوخۆ، بەڵکو دەکرێت لەناو پێکهاتە و سیستەمە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانیشدا بوونی هەبێت، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و ناڕاستەوخۆ زیان بە گروپە لاوازەکان دەگەیەنێت و مافەکانیان پێشێل دەکات [1]. لەم ڕوانگەیەوە، سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پاش شەڕی ناوخۆ، بە دروستکردنی هەژاری، بێکاری، لاوازبوونی سیستەمی پەروەردە و نەبوونی پاراستنی کۆمەڵایەتیی پێویست، بووەتە هۆی "توندوتیژیی پێکهاتەیی" دژ بە منداڵان. وتەی لێتوێژراوی (٢٠)، کە دەڵێت: «منداڵان ناچار بوون لە تەمەنێکی کەمدا دەست بۆ کارە سەختەکان بەرن»، نیشاندەری ئەم دیاردەیەیە؛ منداڵان دەبنە قوربانیی سیستەمێک کە ناتوانێت یان نایەوێت مافەکانیان دابین بکات و بە ناچاری دەیانخاتە ناو بازاڕی کارەوە.

**٦-٤-٢. تیۆری ستراتیژییەکانی بەرگەگرتنی خێزان (Family Coping Strategy Theory): (McCubbin, H. I., & Patterson, J. M)**

[1]Galtung, J. (2018) Violence, peace and peace research. Organicom, 15(28): 33-56.

ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە خێزانەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بارودۆخی سەختدا، میکانیزم و ستراتیژی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ مانەوە، پاراستنی یەکپارچەیی خێزان و گونجاندن لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا[1]. لەم چوارچێوەیەدا، ناردنی منداڵان بۆ سەر کار، هەرچەندە لێکەوتەی نەرێنی درێژخایەنی هەیە، دەکرێت وەک یەکێک لە ستراتیژییەکانی بەرگەگرتن لەلایەن خێزانە هەژارەکانەوە سەیر بکرێت بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە لە دۆخێکدا کە سەرچاوەکانی تری داهات لەبەردەست نین. وتەی لێتوێژراوی (١٥) کە دەڵێت: «منداڵانیش لەبری خوێندن و یاریکردن، بوونە حەمباڵ و شاگرد»، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەم ستراتیژییە نائاساییە کە خێزان ناچار دەبێت پەنای بۆ ببات، تەنانەت ئەگەر ئەمە بە نرخی لەدەستدانی منداڵی و داهاتووی منداڵەکانیشی تەواو ببێت.

**٦-٤-٣. تیۆری سەرمایەی مرۆیی (Human Capital Theory): (Gary S. Becker)**

ئەم تیۆرە، کە گاری بیکەر یەکێکە لە پێشەنگەکانی، پێی وایە کە وەبەرهێنان لە خوێندن و لێهاتوویی تاکەکاندا (سەرمایەی مرۆیی) هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشەی ئابووریی تاک و کۆمەڵگا[2].لەم ڕوانگەیەوە، بێبەشکردنی منداڵان لە خوێندن و ناچارکردنیان بە کارکردن لە تەمەنێکی زوودا، نەک تەنها زیان بە گەشەی کەسی و داهاتووی ئەو منداڵانە دەگەیەنێت، بەڵکو زیانێکی گەورەشە بە "سەرمایەی مرۆیی" گشتیی کۆمەڵگا. کاتێک نەوەیەکی نوێ بەبێ خوێندن و لێهاتوویی پێویست گەورە دەبن، توانای بەرهەمهێنان و داهێنانی کۆمەڵگا لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە [3]. ئەو دیاردەیەی کە لە وتەکانی لێتوێژراواندا (بەتایبەت ١٥ و ٢٠) باسی لێوە دەکرێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئەم سەرمایە گرنگە هەیە.

## ٧.ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردە

**٧-١.ئەنجام:** لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام:

یەکەم: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی یەکەم

توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ئامانجی یەکەمی پێکاوە، کە بریتی بوو لە زانینی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر خێزان، پەروەردە و تەندروستی. دەرکەوت کە شەڕی ناوخۆ بووەتە

[1] McCubbin, H.I. and Patterson, J.M., (2014). The family stress process: The double ABCX model of adjustment and adaptation. In: H.I. McCubbin, M.A. Sussman and J.M. Patterson, eds. *Social Stress and the Family*: *Advances and Developments in Family Stress Theory and Research*. London: Routledge, pp. 7–37.

[2] Putnick, D. L., & Bornstein, M. H. (2016). GIRLS'AND BOYS'LABOR AND HOUSEHOLD CHORES IN LOW-AND MIDDLE-INCOME COUNTRIES. Monographs of the Society for Research in Child Development, 81(1), 104.

[3] بکر گری استنلی و مورفی کوین. م مورفی، اقتصاد اجتماعی: رفتار بازار در یک محیط اجتماعی، ترجمەی وحید مهربانی، چاپ اول، تهران، نشر نور علم، ٢٠١٧.

هۆی لێکترازانی سیاسی لەنێو خێزانەکاندا و بارگرانیی ڕۆڵی ژنانی زیاد کردووە، بەوەی ناچاربوون هاوکات باری دایکایەتی و دابینکردنی بژێوی هەڵبگرن. لەڕووی پەروەردەییشەوە، لێکەوتەی ڕاستەوخۆی لەسەر نەوەی نوێ هەبووە، بە جۆرێک کە منداڵان ناچار بە وازهێنان لە خوێندن و کارکردن بوون. ئەم دۆخە نالەبارە، وێڕای کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی دەروونی و جەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەجێهێشتووە، کە ئەمەش لەگەڵ ڕۆحی گشتیی ئامانجەکەدا یەکدەگرێتەوە.

دووەم: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی دووەم

لە چوارچێوەی ئامانجی دووەمدا، کە بریتی بوو لە دەرخستنی لێکەوتەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر متمانەی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان، توێژینەوەکە بە وردی ئەم لایەنەی شیکردووەتەوە. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە شەڕ بووەتە هۆی لاوازبوونی بەرچاوی متمانەی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی دابەشبوونێکی قووڵ لەنێوان هۆز و عەشیرەتەکاندا. تەنانەت کاریگەریی لەسەر دامەزراوەی گرنگی وەک پەیوەندی هاوسەرگیریش داناوە. یەکێک لە دەرئەنجامە جێی سەرنجەکان بریتییە لە بەهێزبوونی شوناسی ناوچەیی و خێڵەکی لەسەر حیسابی شوناسی نیشتمانیی یەکگرتوو. ئەم دۆزینەوانە بە ڕوونی وەڵامی ئامانجی دووەم دەدەنەوە و قەبارەی ئەو زیانە کۆمەڵایەتییانە دەردەخەن کە لە شەڕی ناوخۆ کەتوونەتەوە.

سێیەم: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی سێیەم

سەبارەت بە ئامانجی سێیەم، زانینی دەرئەنجامە ئابووری و دیمۆگرافییەکانی شەڕی ناوخۆ پاش ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستان.توێژینەوەکە چەندین لێکەوتەی گرنگی تۆمارکردووە. لەوانە: کۆچ و ئاوارەیی بەرفراوان، کە بووەتە هۆی گۆڕانی پێکهاتەی دانیشتووانی چەندین ناوچە. لەسەر ئاستی ئیداری و ئابووری، بەردەوامبوونی دابەشبوونی ئیداریی هەرێم (دوو ئیدارەیی) سەرەڕای هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوە، وەک ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم گەشەی ئابووری هاوسەنگ و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا دەرکەوتووە. ئەم دۆخە، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و بەهەدەردانی توانای مرۆیی و سەرچاوە ماددییەکان، وێنەیەکی ڕوونی ئەو زیانە ئابووری و دیمۆگرافییانە دەخاتەڕوو کە لە شەڕی ناوخۆ کەتوونەتەوە.

جگە لەو لێکەوتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە ئامانجە دیاریکراوەکانەوە، توێژینەوەکە چەند دەرئەنجامێکی سیاسی ئاشکرا کردووە کە کاریگەرییان لەسەر تەواوی دیمەنی سیاسی و حوکمڕانیی هەرێم هەبووە. لەوانە: زیادبوونی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە سیاسەتی ناوخۆی هەرێمدا، و گۆڕانی سروشتی سیاسەت لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتییەوە بۆ کێبڕکێی تەسکی حزبی. ئەم دۆخە، لەگەڵ دیاردەی "ئانۆمی" (normlessness) لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لێکەوتە نەرێنییەکانی شەڕ هێشتا بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێم بەردەوامە.

**٧-٢.پێشنیازەکان:**

١. پێشنیاز دەکرێت ستراتیژیەکی نیشتمانی بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دابڕێژرێت کە سنووری حیزبایەتی تێپەڕێنێت و لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و تۆکمەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بێت.

٢. پێویستە سیستەمی دادوەری بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە شەڕی ناوخۆ، وەک مافی قوربانیان، پرسی بێسەروشوێنبووان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان.

٣. دامەزراندنی سەنتەرەکانی پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی زیانلێکەوتوو لە شەڕی ناوخۆ، بەتایبەت ژنان، منداڵان و خێزانەکانی کەسانی بێسەروشوێنبوو.

٤. برەودان بە پرۆسەی یەکخستنەوەی دامەزراوە سیاسی و ئیدارییەکانی هەرێم.

٥. چاکسازی لە سیستەمی بەشداری سیاسی بۆ زیادکردنی متمانەی خەڵک.

٦. پتەوکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان و دوورخستنەوەیان لە کاریگەری حزبی و بەرژەوەندی تەسک.

٧. گەشەپێدانی میکانیزمی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دامەزراوە حکومییەکاندا.

**٧-٣. ڕاسپاردەکان:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێک ڕاسپاردە دەخەینە بەردیدی ئەو توێژەرانەی کە پاش ئێمە دێن، هەوڵبدەن گرنگی زیاتر بەم بابەتە بدەن و چەند توێژینەوەیەکی لەبارەوە ئەنجام بدەن:

١. توێژینەوە لەسەر لێکەوتە درێژخایەنەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.

٢. پێویستە توێژینەوەی تایبەت لەسەر منداڵانی قوربانی شەڕی ناوخۆ بکرێت و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزرێتەوە.

٣. پێویستە مێژووی زارەکی شەڕی ناوخۆ لە ڕوانگەی گێڕانەوەی کەسەکانەوە تۆمار بکرێت پێش ئەوەی بەشێکی زۆر لە شاهیدحاڵەکان لە ژیاندا نەمێن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم/ کتێبەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١) سەلاح ڕەشید، مام جلال - دیداری تەمەن - لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەرگی دووەم، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٧.
٢) محمد حاجی محمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی چوارەم، سلێمانی، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠٩.
٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی پێنجەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢٢.
٤) نەوشیروان مستەفا، خەون یان مۆتەکە: دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٩٢-٢٠٠٢)، ٢٠٠٩ [ئۆنلاین] [بەرواری دەستگەیشتن: ٢١ نیسانی ٢٠٢٥] لەبەردەستەلە:
https://archive.org/details/abo_abdrahman_kordi_barid_20160425_0955

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٥) نعيمة الحواطي، دور المتغير الإثني-القبلي في تغذية الصراع الداخلي الليبي منذ احتجاجات ١٧ فبراير ٢٠١١، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الجزائر ٣، ٢٠١٩.
٦) عبود، وسن سعيد و العلوي، نبيل، الصراع المسلح بين الحزبين الديمقراطي الكردستاني والاتحاد الوطني الكردستاني(١٩٩٤-١٩٩٨)والموقف الدولي منه. مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد ٢٤: ٢٢٥- ٢٦٦،٢٠١٨.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

٧) بکر گری استنلی و مورفی کوین. م مورفی، اقتصاد اجتماعی: رفتار بازار در یک محیط اجتماعی، ترجمەی وحید مهربانی، چاپ اول، تهران، نشر نور علم، ٢٠١٧.
٨) حیدرجانعلی‌زاده چوب‌بستی ، اکبر علیوردی‌نیا و محمدمهدی فرزبد ، «جامعه‌شناسی حافظه جمعی: حوزه مطالعاتی پارادایمیک یا ناپارادایمیک؟»، فصلنامه راهبرد فرهنگ، ٩(٣٦)، ٢٠١٧.
٩) سعید صادقی جقه، سیاست حافظه، خاطره جمعی و امنیت ملی، فصلنامه مطالعات راهبردی، ٢٥(٣)، ٢٠٢٣، صص ٧-٥١.
١٠) فاطمه آقاجری، «تحلیل جامعه‌شناختی سرمایه اجتماعی از منظر رابرت پاتنام»، فصلنامه مطالعات راهبردی سیاست‌گذاری عمومی، ٣(١٠)، ٢٠١٤.
١١) گیدنز، آنتونی، جامعه‌شناسی، ترجمه، حسن چاوشیان، تهران، نشر نی،٢٠٠٩.
١٢) لاک، جان، دو رساله حکومت، ترجمه، حمید زرگری، تهران، انتشارات آگاه،٢٠١٧.
١٣) محسن راشدی، «نظریه مبادله اجتماعی (جورج هومنز)»، کنفرانس بین‌المللی پژوهش‌های مدیریت و علوم انسانی در ایران، ٢٠٢٣. [آنلاین] [بازدید: ١٢ آوریل ٢٠٢٥]. دسترس‌پذیر در:
https://sid.ir/paper/1145694/fa
١٤) هانتینگتون، ساموئل، موج‌های دموکراسی، ترجمه، محمد مصدق، تهران، نشر فرهنگ معاصر،٢٠١٦.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

15) Flint, C., & Taylor, P. J. (2018) Political geography: world-economy, nation-state and locality. Routledge.
16) Basedau, M.; Pfeiffer, B., & Vüllers, J. (2016) Bad religion? Religion, collective action, and the onset of armed conflict in developing countries. *Journal of conflict*

*Resolution*, 60(2): 226-255.
17) Berg, B. L. (2004) Methods for the social sciences. Qualitative Research Methods for the Social Sciences. Boston: Pearson Education, 191.
18) Bishku, M.B. (2002) 'The Kurdish predicament in Iraq: a political analysis', *Journal of Third World Studies*, 19(2): 52-54.
19) Bormann, N.-C., Cederman, L.-E., & Vogt, M. (2015) Language, Religion, and Ethnic Civil War. Journal of Conflict Resolution, 61(4), 744-771. https://doi.org/10.1177/0022002715600755 (Original work published 2017)
20) Brown, A. (2021) The mark of the researcher's hand: the imperfections of craft in the process of becoming a qualitative researcher. Management Learning, 52(5): 541-558.
21) Burr,V.(2015)Social Constructionism (3rd ed.). Routledge. Available at: https://doi.org/10.4324/9781315715421 [Accessed: 12 Dec. 2024]
22) Coser, L. A. (1956) The Functions of Social Conflict. Free Press.
23) Creswell, J. W., & Poth, C. N. (2016) Qualitative inquiry and research design: Choosing among five approaches. Sage publications.
24) Denny, E., & Weckesser, A( 2022) How to do qualitative research?. Bjog, 129. Available at: https://doi.org/10.1111/1471-0528. 17150 [Accessed: 1 Dec. 2024]
25) Denzin, N. K. (2012) Triangulation 2.0 . *Journal of Mixed Methods Research*,Vol. 6(2). Available at: https://doi.org/10.1 177/1558689812437186 [Accessed: 1 Dec. 2024]
26) Durkheim, E. (2016) *The Division of Labor in Society*. London: Routledge.
27) Fearon, J. D., & Laitin, D. D. (2003) Ethnicity, insurgency, and civil war. American political science review, 97(1), 90.
28) Galtung, J. (2018) Violence, peace and peace research. Organicom, 15(28): 33-56.
29) Guillemin, M., & Gillam, L. (2004) Ethics, reflexivity, and "ethically important moments" in research. Qualitative inquiry, 10(2): 261-280.
30) Gunter, M. M. (2017) The Kurds: A modern history. Markus Wiener Publishers.
31) Gunter, M.M. (1999) The Kurdish predicament in Iraq: A political analysis. London: Macmillan.
32) Hiltermann, J.R. (2008) To protect or to project?. Middle East Report, (247).
33) Jabar, F. A., & Mansour, R. (Eds.). (2019) The Kurds in a Changing Middle East: History, Politics and Representation. Bloomsbury Publishing.
34) McCubbin, H.I. and Patterson, J.M., (2014) The family stress process: The double ABCX model of adjustment and adaptation. In: H.I. McCubbin, M.A. Sussman and J.M. Patterson, eds. *Social Stress and the Family*: *Advances and Developments in Family Stress Theory and Research*. London: Routledge:7–37.
35) McDowall, D. (2021) A modern history of the Kurds. London: Bloomsbury Publishing.

36) Miles, M.B., Huberman, A.M. and Saldaña, J., (2014) Qualitative Data Analysis: A Methods Sourcebook. 3rd ed. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.
37) Mills, C.W., (2018) *The power elite*. In: D.B. Grusky and J. Hill, eds. *Inequality in the 21st century*. London: Routledge: 80-88.
38) Moser, C. O., & Clark, F. C. (Eds.) (2001) Victims, perpetrators or actors?: Gender, armed conflict and political violence. Palgrave Macmillan.
39) Natali, D. (2010) The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq. Syracuse: Syracuse University Press.
40) O'Leary, B.; McGarry, J., & Salih, K. (Eds.) (2006) The future of Kurdistan in Iraq. University of Pennsylvania Press.
41) Opendak, M.; Offit, L.; Monari, P.; Schoenfeld, T.; Sonti, A.; Cameron, H., & Gould, E. (2016) Lasting Adaptations in Social Behavior Produced by Social Disruption and Inhibition of Adult Neurogenesis. *The Journal of Neuroscience*, 36(26): 7027-7038. Available at: https://doi.org/10.1523/JNEUROSCI.4435-15.2016 [Accessed: 11 Feb. 2025].
42) Patton, M. Q. (2014) Qualitative research & evaluation methods: Integrating theory and practice. Sage publications.
43) Putnam, R. D. (2000) Bowling alone: The collapse and revival of American community. Simon & Schuster.
44) Putnick, D. L., & Bornstein, M. H. (2016). GIRLS'AND BOYS'LABOR AND HOUSEHOLD CHORES IN LOW-AND MIDDLE-INCOME COUNTRIES. Monographs of the Society for Research in Child Development, 81(1), 104.
45) Riessman, C. K. (2008). Narrative methods for the human sciences. Sage.
46) Rogo, E. (2024) 'Exploring Qualitative Research', Journal of Dental Hygiene, 98(4), pp. 56-61.
47) Romano, D. (2010) 'Iraqi Kurdistan: Challenges of Autonomy in the Wake of US Withdrawal. International affairs, 86(6):1345-1359.
48) Sambanis, N. (2004). What Is Civil War? Conceptual and Empirical Complexities of an Operational Definition. Journal of Conflict Resolution, 48(6), 814.
49) Stansfield, G. (2013) 'The unravelling of the post-First World War state system? The Kurdistan Region of Iraq and the transformation of the Middle East', International Affairs, 89. Available at: https://doi.org/10.1111/1468-2346.120 17 [Accessed: 2 Feb. 2025]
50) Tilly, C. (2022) The Politics of Collective Violence. Cambridge University Press, pp. 30-35.
51) Wahlbeck, Ö. (2012) The Kurdish refugee diaspora in Finland. Diaspora Studies, 5:44-57.